# به ترس موتوربه کرام..!



ئاوێزان نوری

له کەناری منداڵیمدا..

خەونم بە ئەستێرە ماسی‌و..

کۆترە ماسی‌و.. مرواری نێو دەریای ژیانەوە بینی

لەناکاودا,

شەپۆلێک رایچەڵەکاندم‌و..

گاگۆڵکەی لەیادی خەونەکانم بردەوە

وردە.. وردە خۆم‌و.. خەونەکانم گەورە دەبین‌و..

خەنجەری ترسێکیش لەتمان دەکا

***

قەدەر بوو فێری کردم

بترسم‌و.. بترسم‌و.. بترسم

لە گەمە کردن بە خۆڵ‌و..

غاردان لەنێو کۆڵانە چۆڵەکانی سۆزگارێکدا

نەبا دایکم لێمبداو.. جلەکانم بۆ نەشوا

بترسم

لە قسەکردن لەپۆل‌و..

خەتخەتێن لەگەڵ نیشتمانەکەم

نەبادا.. وانەی جوگرافیام پێ نەڵێنەوە

بترسم

له پەتپەتێن لەگەڵ خۆمو..

خەوتن لەژێر پەرچەمی, لاپەڕەیەکی مێژوودا

بترسم

له رشانەوە بە وانەکانی ئاسمانو..

نان خواردن لەسەر خوانی سورەتی ئەنفال

نەبادا مامۆستاکەم, دووپلە لەوانەکانم دابگرێ

بترسم

له ماڵی باج باجێن لەگەڵ کچی خواوەندو..

چاوشارکێ لەگەڵ سێبەری شەیتاندا

نەبادا,   گەمەکانم لێبسەننەوە

بەر لەوەی عەشق بکەوێتە عوزرەوەو..

پەڕۆکەی  لەمەرقەدی هەرزەکاریمدا

بکا بە موتفەرکو..

بە خۆیدا هەڵیبگرێ

بترسم

لە دڵداری کردن لەسەربانەکانو..

سەما کردن لەگەڵ ئەو کوڕەی..

بەجوانترین پەری ئاسمان ناوم دەبا

منیش بە ناسکترین کوڕی جیهان

نەبادا هاوسێکانم بلێن کچێکی.........!؟

بترسم

لە گوێگرتن لەدەنگی خۆمو..

گۆرانی وتن له ژورەکەمدا

نەبادا مێژوو چاوی لێم زیت بکاتەوەو..

پێم بڵێ بێ دەنگ بە

بێ دەنگ بە

لەوەتەی هەم بێدەنگم دەکەن

هەموو دەنگەگانیش, لەگوێچکەمدا دەزرینگێنەوە

دەنگی "با"

بەردەوام دێت له دەرگای ژورەکەم دەداو..

هەواڵی مەرگی فریشتەم بۆ دەهێنیٚ..

لەکاتی خوێندنەوەی نامەیەک..

لەنێو لەپی پایزێکەو..

خۆحەشاردان لە وشە

حەرامکراوەکاندا

تیرۆر دەکرێن

دەنگی "هەور"

لە کاتی گوزەرکردنی بەکوچەکانی ئاسماندا

بەشێتە تورەی دەکەنو..

دەیدەنە بەر قامچیو جنێوی بروسکەو..

دەیگرییێنن

باڵندە

لە کاتی هەڵفرینیدا.. بەدارلاستیک باڵەکانی دەشکێنن

دەنگی گیزە گیزی مێش‌و مێشوولە..

کەلەسەر تەرمی کچە تیوێکی کوژراودا

خوێن دەمژن

ئەو تەرمەی..

پێش چەند ساتێک

لەپەناگەی من‌و تۆدا گاڵتەی بەهەڵوەرینی..

گەڵاکانی تەمەن دەکرد

لەبەرامبەر ئاوێنەکەی ماڵەوەیدا..

گۆرانی بۆ سبەی دەچری

لە ژێر لەشی باراندا زاوزێی دەکردو..

کە کوشتیان..

جوانترین بێچوی ژیانی لەبار خۆی برد

............

قەدەریٚ فێری کردم

بترسم

ئەفسوس لە خۆم

چونکە خۆم لەخۆمدا کۆچم کردووەو..

کاسەی عومرم قومێك ئومێدیان تیانەهێشت

بۆ شکاندنی تینویەتی ژین

زۆریش دەترسم

ئەو کاتەی خۆم دەدۆزمەوەو..

دەگەڕێمەوە نێو خودی خۆم

میلی کاتژمێرەکان.. لە چرکە چرك یاخی بن

بەهارەکان.. توشی تەنگە نەفەسی بن

پایزەکان ( لەمەنفاوە دەگەڕێنەوە مەنفا)

عیسا دووبارە لە خاچ بدرێتەوەو..

مەریەم بۆ جارێکی دی بەردباران بکەن

شاعیرەکان شەهید بکەن

وشەکانیان تیرۆر بکرێتـو..

لەدارە مەیتی دێڕێکدا

بەسەر شانو ملی قەسیدەیەکدا

تەرمەکانیان, بەرەو گۆڕستانی ئەو کتێبانە ببەن

کەلەسەر شەقامەکاندا پێیان پیا دەنێن

ئەو کتێبانەی..

لاپەڕەکانیان دەکرێن بە لولەی گوڵەبەڕۆژەو..

فڕێدەدرێن

کەسێك ناچێ بەلایاندا

جگە لەو منداڵانەی..

کۆلارەی لێ دروست دەکەن

ئەو کتێبانە

لەو بێوەژنانە دەچن

مێردەکانیان

لە شەڕی ناوخۆدا

پیاوەتی خۆیان لەدەستدا

ئەمێستا لەسەر رەفەی ژنێتیاندا

پیاوێك نیە دەستی سۆزیان بگرێتـو..

چاوێك نیە تەماشای جوانیان بکاتـو..

زمانێك نیه ناخیان بخوێنێتەوە

جگە لەو حەسرەتانەی

شەوان لەنێو جێگەدا

لاقەیان دەکەن

*****

چەند دەترسم

ئەو کاتەی دەگەڕێمەوە نێو خودی خۆم

خاك یەخەم بگرێ و..

پێم بڵێ:

بەرۆژ رێمدای.. لەسەر پشتم رێبکەی

تفت لێ کردم

بەشەو لەباوەشم گرتی

کفرت پێ کردم

رێگەم پێدای بۆخۆت بژی

جەنگت لەگەڵدا کردم

ئەمێستاکە هەقم دەوێ

تۆ لە خاکی و.. ببەوە بەخاك

کەواتە فریا  ناکەوم و..

ئەو کاتەی دەگەڕێمەوە

پاپۆڕی تەمەن دەبێتە خۆراکی دەریا

دەزانن بۆ..؟

چونکە مەرگ

هەموو ساڵێ لە یادی رۆژی لەدایک بوونمدا

بەر لە من فو لە مۆمی تەمەنم دەکا..و

گەمەی , ئانە پانە

لەگەڵ خۆم و خۆم دەکا

ترس نەیارێکە

بەر لەمن خەلق بووەو..

هەر لەو رۆژەی بە رووتی لەدایک بووم و..

مەلۆتکەیەکی سپیان تێئالاندم

تا ئەو رۆژەی بە رووتی دەمرمو..

کفنێکی سپیم لێ دەئاڵێنن

بەدومدا دێت

من دەکوژێتو.. خۆی دەمێنێت

2005/6/25